# بۆکان لە ئەمڕۆ و لە مێژوودا (٣)

نووسینی: تاهیر عەلیار

## سواره ئێلخانی زاده (٤-٣)

نووسەر: عوسمان ئیلخانی زاده

[[پێشکه ش به خوێنه ری شیعرو به ر هه مه کانی کاک سوار

*ئه و شێعرو نووسراوانه ی که به ناوی کاک سوار تا ئێستا بڵاو بوونه وه و له مه و دواش بڵاو ده بنه وه ، به خه ت وده ستنووسی کاک سواره یه ، که له لای من و کاک جه عفه ری برام وه ک ئه مانه تێکی گرینگ ڕامان گرتوه به پێشنیاری کاک تایری عه لیارو یار مه تی کاک برایمی فه ڕشی بڕیارمان دا بڵاویان کەینه وه تا له ناو نه چن به پێی ئه وه ی که من ئه ده بیاتی فارسیم خوێندووه له زانکۆ ئه رکی ڕێکو پێک کردنه که ی که وته سه رشانی من ، له به ر ئه وه من به ر پرسی هه موو هه ڵه و نووسراوه کانم ، به ڵام با بزانین که هه ر چه ند خه تی کاک سوار ڕوون و ڕه وانه ، هێندێک وشه ، به پێی کۆنی نووسراوه کان پیاو تووشی هه ڵه وکێشه ی خوێندنه وه ده کات له وه دوا هه وڵ ده ده م نووسراوه کان به خه تی کاک سواره بنێرم بۆ کاک برایم فه ڕشی که بڵاویان کاته وه ئه وه نده ی من ئاگا دار بم ، ئه و نووسراوانه تا ئێستا بڵاو نه بوو نه وه بۆ ڕوونترکردنه وه ی شێعر و به رهه مه کانیش به و په ڕی ئه مانه تدارییه وه بۆچوونی خۆم و براوخزمانی لێ زیاد ده که م(هه ڵبه ت زۆر به کورتی) هه ر ڕه خنه وپرسیارو بۆ چوونێکتان هه یه ، به و په ڕی ڕێزه وه ، چاوه ڕوانی وڵامی ئێمه بن.*

*عوسمان ئیلخانی زاده* ]]

کاتێک ، کاک سواره له به ندیخانه ی (قزل قلعه)له تاران له ژێرئه شکه نجه ی (ساواک)ی( حه مه ڕه زا شا) دابوو، ناوی ئه و به ندیخانه یه ی به (سووره قه ڵا)له و شیعره ی ژیره وه داکه به داخه وه هه ر ئه وه نده مان له بیر ماوه و هیچ نووسراوه یه کیش به ده سته وه نییه به ڵام له گه ڵ براکانم له ده ره وه ی وڵات به هه موومان ئه وه نه مان بۆ ساغ بۆوه ، ده زانم ته واو نییه به ڵام پێم حه یف بوو نه مێنێ

**سووره قه ڵا**

زاڵی له شێکی جوان
خۆره ی ڕه شی جه رگی تاران
قه ڵای سووری به خوێنی لاوان
هه ر خشتێکه و هه زار تاوان
سووره قه ڵا دایکی به ڵا

له چاو تۆ باستیل(١) به هه شته
ئاڵکاتراز(٢)جێگای گه شته
شیلا به ڕه نگی وەک شیلان
بۆته جێگه ی دیلان بۆ دیلان
سووره قه ڵا دایکی به ڵا

مووسیقات زڕه ی زنجیران
خواردنت مێشکی یه خسیران

......................................

......................................

سووره قه ڵا دایکی به ڵا

............................................................................

١- دورگه ی ئاڵکاتراز، به ندیخانه ی به ناو بانگی سانفرانسیسکۆبوو که ٢٥٠ که سی وەک (ئاڵکاپوون ) و(ئاڵوین کارپیس)تێیدا به ندی بوون. ساڵی١٩٦٣ به ده ستووری (کێنێدی)به ستراو بوو به پاڕک و سه یرانگه

٢- قه ڵای باستیل ،له پاریس ، که شۆڕشگێرانی شۆڕشی فه ڕانسه ، ساڵی ١٧٨٩هێرشیان کرده سه ری، ئێستا مه یدانێکه بۆ خۆپێشاندانی سیاسی وداخوازی ئابووری(باستیل که بۆخۆ یان به .باستی ده ی خوێننه وه ، به فه ڕانسه وی واته ،(قه ڵا)